حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەووەی هەرێم

هەولێر

ڕاپۆرتێك دەربارەی گۆڕانکارییە ئیداریەکانی ناوچە دابڕاوەکان

حوزەیرانی ساڵی 2007

پارێزگای کەرکوک

پێشەکی:

دەقی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عیراق فیدراڵ ئاماژە دەکات بە:

یەکەم: لەسەر دەسەلآتە جێبەجێکاریەکانە هەنگاوە پێویستییەکان بگرنە بەر بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی ماددەی (58)[•] لە یاسای بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی کاتی.

دووەم: (ئەو ئەرکەی کە خراوەتە ئەستۆی دەسەلآتە جێبەجێکاریەکان لە حکومەتی ئینتقالی، لە ماددەی (58) ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گوازراوە دا ئاماژەی پێکراوە، بەپێی دەستوور بەردەوام دەبێتو دەدرێتە دەسەلآتە جێبەجێکاریە هەڵبژێردراوەکان، تا دەرئەنجامی قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوە، ئامار، ڕیفراندوم لە کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەدا دیاری دەکرێت بەپێی خواستی دانیشتوانی لەو ماوە دیاریکراوەدا کە بۆی دانراوە تا 31 مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2007.

لە ڕوانگەی ئەم ماددە دەستوریەوە پێویستە قۆناغە یەك لەدوایەکەکانی پرۆسەی ئاسایی کردنەوەو ئامارو ڕیفراندۆم جێبەجیٚ بکرێت لە ناوچە دابڕاوەکاندا بە کەرکویشەوە، بۆ دیاری کردنی خواستنی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان مانەوە لە ژێر ئیدارەی حکومەتی فیدراڵ، یاخود دیاری کردنی سنووری ئیداری لە چوارچێوەی ئەم ئیدارەیەدا.

ئامانج لەم ڕا پۆرتە

ئەم ڕاپۆرتە تیشك دەخاتە سەر کەرکوكو ئەو ناوچە دابڕاوانەی کە مادەی 140 لە دەستوری عیراقی فیدراڵ دەیانگرێتەوە، دەرخستنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕێگای لێکردنەوەی چەند پارچەیەك لەم ناوچانەو لکاندنیان بە ناوچەی دیکەوەو سەرەڕای دەرکردنی چەند بڕیارێکی ئیستیسنائی بە مەبەستی گۆڕینی یەکە ئیداریە کوردستانیەکانو گۆڕینی واقعی نەتەوەیی لەم ناوچانەدا ئەنجام دراون بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردو دامەزراندنی چەندین یەکەی ئیداری نوێو دەستبەسەرداگرتنی زەویو زاری دانیشتوانە کوردو تورکمانەکانو بەخشینو تۆمارکردنیان بە عەرەبی هاوردە بەو شێوەیەی کە لە خزمەتی سیاسەتی تەعریبدا بێت.

[•] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1)

لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە تیشك دەخاتە سەر ئەو ناوچانەی کە سەرچاوە سروشتیە نیشتیمانیەکانی وەك نەوتو گازییان تێدایەو چۆن ژمارەی کرێکارە کوردەکان لە کەمبوونەوەی بەرچاودابوون بە بەراورد لەگەڵ کرێکارە عەرەبەکان لە کۆمپانیاکاندا بۆ نموونەش لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا ئەم بەراوردە بە ڕوونو ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

ناوچە دابڕاوەکان پارێزگای کەرکوك، یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای نینوی، دیالە، واسط دەگرێتەوە

یەکەم: پارێزگای کەرکوك پێش ساڵی 1957

یەکە ئیداریەکانی لیوای کەرکوك لە ساڵانی 1929 -1930 :

1- مەرکەزی لیوا: (کرکوك – داقوق – التون کوبری) دەگرێتەوە.
2- قەزای چەمچەماڵ: لە ناحیەی چەمچەماڵ پێکهاتبوو..
3- قەزای کفری- صلاحیە: پێك هاتبوو لە (کفری – توزخورماتو – قەرە تەپە – قەلاّی شیروانە – شبیجە)
4- قەزای گل: پێکهاتبوو لە هەردوو ناحیەی (گل و سەنگاو)

لە ساڵی 1936 یەکە ئیداریەکان بەم شێوەیە بوون:

1- قەزای کەرکوك: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (کەرکوك – ئاڵتون کۆپری – ملحە)
2- قەزای کفری: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (طوز – قەرە تەپە –قەلاّی شیروانە)
3- قەزای چەمچەماڵ: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (ئاغچەلەر – شوان – سەنگاو)
4- قەزای گل: پێك هاتبوو لە هەردوو ناحیەی (قادر کەرەم – داقوق)

لە ساڵی 1948 یەکە ئیداریەکان بەم شێوەیە بوون:

1- قەزای کەرکوك: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (قەرە حەسن "لیلان" – ئاڵتون کۆپری "پردێ" – ملحە – شوان)
2- قەزای کفری: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (کفری – پێباز – قەرە تەپە – شێروانە)
3- قەزای طوز: پێك هاتبوو لە ناحیەکانی (طوز – داقوق – قادر کەرەم)

هەیکەلی ئیداری/ لیوای کەرکوک 1957

ناوی قەزا	ناوی ناحیە	مەرکەزی ناحیە	ژمارەی گوند	کۆی ئەو گوندانەی سەر بە قەزان
کەرکوك	م. کەرکوك	کەرکوك	101	
	قەرە حەسەن	لەیلان	56	
	ئالتون کوبری	ئالتون کوبری	61	
	حەویجە	حەویجە	226	
	شوان	ڕێدار	76	420
کفری	پێباز	باوە نور	68	
	قەرە تە پە	قەرە تە پە	105	
	شێروانە	شێروانە	145	318
چەم چەماڵ	چەم چەماڵ	چەم چەماڵ	64	
	ئاغچەلەر	ئاغچەلەر	62	
	سەنگاو	گۆپتە پە	76	202
طوز	طوز	طوز	79	
	داقوق	داقوق	62	
	قادر کەرم	قادر کرم	93	234
			1274	1274

لیوای کەرکوك
بە پێی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی 1957
و تۆماری نفوسی گشتی ساڵی 1957

1. **قەزای کەرکوك:**

- ناحیەی حەویجە — مەرکەزەکەی حەویجە
- ناحیەی شوان — مەرکەزەکەی ڕێدار
- ناحیەی ئاڵتون کۆپری — مەرکەزەکەی ئاڵتون کۆپری
- ناحیە قەرە حەسن — مەرکەزەکەی لەیلان

2. **قەزای کفری:**

- ناحیەی پێباز — مەرکەزەکەی باوە نور
- ناحیەی شێروانە — مەرکەزەکەی سەر قەڵا
- ناحیەی قەرە تەپە — مەرکەزەکەی قەرە تەپە

3. **قەزای چەمچەماڵ**

- ناحیەی ئاغچەلەر — مەرکەزەکەی ئاغچەلەر
- ناحیەی سەنگاو — مەرکەزەکەی گۆپتەپە

4. **قەزای طوز**

- ناحیەی قادر کەرەم — مەرکەزەکەی قادر کەرەم
- ناحیەی داقوق — مەرکەزەکەی داقوق

پارێزگای کەرکوك:

بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 41 لە 1976/1/29دا ڕژێم ناوی پارێزگای کەرکوکی گۆڕی بە پارێزگای تەئمیم.

ڕووبەر: 10319کم2.

ژمارەی دانیشتوان:492615 کەس بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977(عەرەب218755 کەس، کورد 184875 کەس، کوردی فەیلی 388 کەس، تورکمان 80347 کەس ، ئەرمەن 581 کەس، سریان 4050 کەس، هی دیکە 180 کەس و نادیار3439). بەپێی سەرژمێری ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوان بوو بە 601219 کەس ، لە ساڵی 1997 ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگادا بوو بە 752745 کەس (عەرەب 54459 کەس، کورد 155861 کەس، کوردی فەیلی 1108 کەس، تورکمان 50099 کەس، ئەرمەن 116 کەس، ئاشور 758 کەس، هی دیکە 204 نادیار 3 کەس) و لە ساڵی 2007 کۆی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی 1.280.000 کەس.



یەكە ئیداریەكانی پارێزگـای كـەركوك لـە قـەزاكانی (كـەركوك، حەویجـە، دبـس) و ناحیـەكانی تـازە خورماتو،داقوق، ریاض،عەباسی، ئاڵتون كۆپری و سەرگەڕان پێك هاتوون.

1- قەزای كەركوك: بە خواستێكی مەلەكی لە ساڵی 1937 دامەزرا.

ڕووبەر: 3122كم2 لـە بـری 406 كـم2 دوای هەڵوەشـاندنەوەی هەریەكـە لـە ناحیـەكانی شـوان, قەرەحەسەن، یایچی، ڕەبیعو لكاندنیان بە مەركەزی قەزاوە بە پێی مەرسومی كۆماری 1987/6/11 ژمارە 321 في

ژمارەی دانیشتوان: 418694 كەس بە پێی سەرژمێری ساڵی1987.

قەزای كەركوك: بنكەی بازرگانیو كشتوكاڵیو پیشەسازییە(كبریت، گـاز، نـەوت) ژمارەیـەكی زۆری حەقلی نەوتی دەوڵەمەندی تێدایە، لە ساڵی 1927 بۆ یەكەم جار لە بیری ژمارە 1 لـە بابـە گوڕگـوڕ نەوتی تێدا بەرهەم هێنرا. دۆزینەوەكان دەریانخستووە كە نەوتی كـۆكراوەی حەقلە بەرهەمهێنـەكانی دەگاتـە 25583 ملیـۆن بـەرمیل ژمـارەی بـیرە نـەوتی حەقلـەكانی (كـەركوك، بـای حەسـەن،

جمبور،....)دەگاتە 584 بیرو هەندێك لەو بیرانەی كەسەر بە حەقلی بای حەسەنن دەكەونە سنووری ئیداری پارێزگای هەولێرەوە.

پلانی بەرهەمهێنان لەم بیرانەدا بەشێوەیەكی زانستیانە نەبوو تەنها پشتی بەستبوو بە كەمترین ووزەی ناردنە دەرەوە بۆ هێڵی بۆرییەكانی (بانیاس‌و طرابلس لە سوریاو لوبنان) كە دەكەوتنە سەر دەریای ناوەڕاست، لە باشوریشەوە بە ڕێگای هێڵی ستراتیجی دەنێدرایە بەصرە لەم دوایانەشدا لە ڕێگای توركیاوە بە هۆی هێڵی عیراق – توركیا دەنێردرایە مینای جیهان كە هەر دەكەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست.

دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت لە بەسرە لە ساڵی 1952 ەوە بووە هۆی كەمبوونەوەی وەبەرهێنان لە حەقلە نەوتییەكانی باكوور بۆ كەمترین ڕادەو ئەمەش وای كرد كە زیان بە ڕێژەی وەبەرهێنانی نەوت لەم بیرانەدا بگەیەنێت‌و بەرەو خزین (نضوب)یان بەرێت‌و وا پێویستی كرد كە وەبەرهێنان زیاد بكرێت لە ڕێگای (حەقنی ئاو لەم كێڵگانەدا)

ووزەی ناردنەدەرەوەی كۆمەڵەی ئەم بیرە نەوتیانە لە سەرەتای ساڵی حەفتاكانی سەدەی پێشوودا گەیشتە نزیكەی 72 ملیۆن تەن/ بۆ ساڵێك واتە نزیكەی 475 ملیۆن بەرمیل بۆ ساڵێك.

سەرەڕای دروستكردنی كارگەیەكی وەبەرهێنانی گازی شل بۆ سوود وەرگرتن لەو گازەی كەلەگەڵ نەوتدا وەبەردەهێنراو هەر بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە گازەكە بۆ بەكارهێنان، بۆریەكی تیرە 14 گرێ بە درێژی ڕاكێشرا بۆ گواستنەوەی گاز بۆ بەغدادو كارگەیەكیش دروستكرا بۆ دەرهێنانی كبریت لە نەوت بە مەبەستی بەكارهێنانی لە بواری پیشەسازی‌و ناردنە دەرەوەدا.

بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆغرافیای قەزای كەركوك بە تایبەتی‌و پارێزگای كەركوك بە گشتی، هاوڵاتیانی كوردو توركمانەكان ڕووبەڕوی هەڵمەتێكی فراوانی پاكتاوی ڕەگەزی بوونەوە حكومەتی عیراقیش ژمارەیەكی زۆر بریاری دەركرد لەوانەش بریارو مەرسومە كۆماریەكانی ژمارە 1تا 91 (هاوپێچ بە ڕاپۆرتەكەیە).

پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی كەركوك:

ئەو زانیاریانەی كە كۆكراونەتەوە لەسەر پێكهاتەی دانیشتوانی كەركوك پێش هەڵمەتی گۆڕینی دیموغرافی:

سەرجەم زانیارییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کورد زیاتر لە ٪53 ی دانیشتوانی قەزاو (لە ٪64 ی دانیشتوانی پارێزگایان) پێکهێناوە.

دانیشتوانی کەرکوك بەسەر سێ نەتەوەی سەرەکیدا دابەش دەکرێن: کورد، عەرەب، تورکمان، زۆرینەشیان کوردن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی هۆزەکانی ناو پارێزگا لە کوردەکانن.

لە کۆتایی ساڵی 1973 دا لە سەر ئاستی قەزای کەرکوك کۆی ژمارەی دانیشوان 270 هەزار کەس بوون(کورد 139 هەزار کەس، تورکمان 98 هەزار کەس، عەرەب 27 هەزار کەس‌و کلدو ئاشورو هی دیکەش 6 هەزار کەس)، بەلاّم لە سەر ئاستی پارێزگای کەرکوکدا کۆی ژمارەی دانیشتوان 617 هەزار کەس بوون (کورد 386، تورکمان 132 هەزار کەس، عەرەب، 93 هەزار کەس‌و کلدو ئاشورو هی دیکەش 6 هەزار کەس).



خشتەی ژمارە (1)ڕێژەی پێکهاتە جیاجیاکانی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك

نەتەوە	ساڵ			
	1924-1922	1957	1965	1977
کورد	65,1	48,3	36,1	37,6
عەرەب	20,9	28,2	39	44,4
تورکمان	4,8	21,4	19,5	16,3
کلدان وسریان و ئاشورو ئەرمنو هی دیکە	9,2	2,1	5,4	1,7

وێنەی بەیانی ژمارە (1) ڕێژەی پێکهاتە جیاجیاکانی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك



ئەم دوو ناحیەیەی لای خواروە سەر بە قەزای کەرکوکن

أ- ناحیەی تازە خورماتو:

بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە635لە 1960دامەزرێنراوە، ڕووبەرەکەی 1150کم2، بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977 ژمارەی دانیشتوانی 14930 کەس بوون، لە سەرژمێری ساڵی 1987 دا بووە بە 18737 کەس.

ب-ناحیەی داقوق:

ڕووبەرەکەی: 1157کم2، بە پێی سەرژمێری ساڵی 1977 ژمارەی دانیشتوانی 20881 کەس بوون، لە سەرژمێری ساڵی 1987 دا ژمارەی دانیشتوانی بوون بە 29425 کەس.

تێبینی:

بە مەبەستی گۆڕینی دیموغرافیای ناوچەکە، دانیشتووە کوردەکانی ڕووبەڕوی پرۆسەی بەزۆرە ملێ دەرکردن بووەنەوەو لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەکی زۆری عەرەب هێنراو‌و نیشتەجێی پارێزگا کران.

گۆڕنکاریە سەرەکیەکانی ئەم پرۆسەیەش بریتی بوون لە:

أ- جیاکردنەوەی هەردوو قەزای چەمچەماڵ‌و کەلار لە پارێزگای کەرکوك لکاندنی بە پارێزگای سلێمانیەوە بەپێی مەرسومی کۆماری 608 لە 1975/12/15.

ب- جیاکردنەوەی قەزای کفری لە پارێزگای کەرکوك‌و لکاندنی بە پارێزگای دیالەوە بەپێی بڕگەی دووەمی مەرسومی کۆماری ژمارە 608 لە 1975/12/15.

ت- جیا کردنەوەی قەزای طوزخورماتو لە پارێزگای کەرکوك‌و لکاندنی بە پارێزگای صلاح الدینەوە بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 41 لە 1976/2/9.

پ- جیاکردنەوەی ناحیەی زاب لە پارێزگای موصڵ‌و لکاندنی بە پارێزگای کەرکوکەوە بە پێی بڕیاری ژمارە 111 لە 1987/11/16، کە بووە هۆی زۆربونی دانیشتوانی قەزاو کاری کردە سەر ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگای کەرکوك.

2- قەزای حەویجە (ملحە-خویلین):

بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 387 ی ساڵی 1961 دامەزرا.

ڕووبەرەکـەی: 1962کـم2(دوای هەڵوەشـاندنەوەی هـەردو ناحیـەی زاب‌و عەباسـی‌و لکانـدنیان بـە مەرکەزی قەزاوە بە پێی بڕیاری ژمارە 111 لە 1987/11/16.

ژمارەی دانیشتوانی: بەپێی سەر ژمێری ساڵی 1977 ژمارەی دانیشـتوانی (52179) کـەس بـوون ڕێژەی کوردیش تێیدا %4ی کۆی دانیشتوانی پێك هێنابوو.

1- ناحیەی ریاض:

به پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 328 لە 1961/6/29 دامەزرا.

ڕووبەرەکەی : (1311)کم2.

ژمارەی دانیشتوانی: (2888) بەپێی سەر ژمێری ساڵی 1987.

2- قەزای دبس (دوبز):

بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 72 ی ساڵی 1976 دامەزرا.

ڕووبەرەکەی : (1354)کم2، دوای هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی قودس بەپێی مەرسومی کۆمـاری ژمـارە 321 لە 1987/6/11.

ژمارەی دانیشتوانی: بەپێی سەر ژمێری ساڵی 1977 کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی (37815)کـەس بوون، دانیشتوانی کورد (19721) کەس بوون‌و ڕێژەی (%52.2) ی کۆی دانیشتوانیان پێك هێنابوو، عەرەب (14356) کەس‌و وڕێژەی (%38) ی کۆی دانیشـتوانیان پێکهێنـابوو، تورکمـان ژمارەیـان (3240) کەس بـوون‌و ڕێـژەی (%8.6)وکـۆی دانیشـتوان‌و سـریانیش (122) کـەس بـوون‌و ڕێـژەی (%0.3) کـۆی دانیشـتوانیان پێکهێنـابوو، بـەلاَم لـە سـەرژمێری سـاڵی 1987 دا کـۆی ژمـارەی دانیشتوانی کەم بووەوە بۆ (22316) کەس.

ئەم دوو ناحیەی خوارەوە سەر بە قەزای دبس (دوبز)ن

1- ناحیەی ئاڵتون کۆپری:

بە پێی فەرمانی مەلەکی ژمـارە 564 لـە سـاڵی 1945دا دامـەزراوە. ڕووبـەری ناحیەکـە دەگاتـە (335)کم2.

ژمارەی دانیشتوانی: بە پێی سەر ژمێری ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوانی مەرکەزی ناحیە (7512) کەس بوون. خشتەی ژمارە(2) ڕێژەی سەدی دانیشتووە کوردەکان لە ناحیەکەدا دەردەخات.

خشتەی ژمارە (2) ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری (1947-1977)

ڕێژەی سەدی	ساڵ
70	1947
50	1957
25.7	1965
75.6	1977

وێنەی بەیانی ژمارە (2) ڕێژەی کورد لە ناحیەی ئاڵتون کوپری (1947-1977)



2- ناحیەی سەرگەڕان:

تا ساڵی 1957 سەر بە قەزای (مەخمور – کەندیناوە)ی پارێزگای هەولێربوو، بەلاّم بە پێی بڕیاری کۆماری ژمارە 245 لە ساڵی 2000 خرایە سەر پارێزگای کەرکوك.

بە پێی ئەو یاداشتنامەیەی کە لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سەرگەڕانەوە دراوە بە وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە سەرەتای ساڵی 2007 دا ژمارەی دانیشتوانی (15000)کەسن.

قەزای دبس ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەعەرەبکردن، دەرکردن، دەست بەسەراگرتنی زەوی زاری کشتوکاڵی بووەوە کە موڵکی جوتیارە کوردەکان بوونو بە فەرمانی لیژنەی کاروباری شیمال کە (طە یاسین ڕەمەزان) سەرۆکایەتی دەکرد ئەو زەویوزارانە لە ڕێگای گرێبەستی حکومیەوە دابەش کرانو دران بەو عەرەبە هاوردانەی کە لە پارێزگاکانی خوارووەوە هێنرابوون بە تایبەتی لە پارێزگای دیوانیەوە (القادسیە).

ئەوەی شایانی باسە بەپێی ئەو یاداشتنامەیەی کە لە سەرۆکایەتی شارەوانی سەرگەڕانەوە وەرگیراوەو لەسەرەوەش ئاماژەی پێکرا ژمارەی ئەو مامەلاّنەی کە تایبەتە بە گەڕانەوەی زەویو زارە کشتوکاڵیەکان بۆ خاوەنەکانی کە لە ڕێگای نووسینگەی ماددەی 140 تۆمارکراون ژمارەیان (2690) مامەڵەیە. ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت ئەو گرێبەستانە هەڵبوەشێندرێتەوەو زەویەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیانو ئەو خالاّنەی کە دانراون بۆ ئەنجامدانی قۆناغی ئاسایی بوونەوە بەسەر عەرەبە هاوردەکانداجێبەجێ بکرێت.

ئاسایە بوونەوەی بارودۆخ وا پێویست ئەکات ئەم چوار ناحیەی خوارەوە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگا:

1-قەزای چەمچەماڵ:

بەپێی بڕگەی یەکەمی مەرسومی کۆماری ژمارە 608 لە 1975/12/15 لە پارێزگای تەئمیم(کەرکوك) جیا کرایەوەو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئاسایی کردنەوە: بە پێی مادەی 140 وا پێویست ئەکات ئەم مەرسومە هەڵبوەشێندرێتەوەو قەزایەکە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوك وەك سەرەتایەك بۆ قۆناغی ئامارو ریفراندۆم.

ڕووبەر: 804 کم2 لە جیاتی 2379 کم2 (دوای هەڵوەشاندنەوەی هەردوو ناحیەی ئاخچەلەرو سەنگاوو بەستنیان بە مەرکەزی قەزاوە بەپێی ئەو مەرسومە کۆمارییەی کە لە ڕێکەوتی 1987/5/12دا دەرچووە.

ژمارەی دانیشتوان: 70552 کەس بەپێی سەرژمێری ساڵی 1987.

بە شێوەیەکی گشتی ئابووری ناوچەکە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێت (گەنم، جۆ، گوڵەبەڕۆژە، پاقلەمەنی، پەتاتەو تۆوی زەیت)ن سەرەڕای بوونی کێڵگەیەکی گازی گرنگ (کە تا ئێستا دەرنەهێنراوە)و دوو بیری نەوتی لێهەڵکەندراوە کە توانای هەڵگیراویان نزیکەی 279.6 ملیۆن بەرمیل نەوتە.

2-قەزای کەلار:

لە پارێزگای کەرکوك کرایەوەو لکێندرا بە پارێزگای سلێمانیەوە بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 618 لە 1975/12/15.

ئاسایی کردەنەوە: بە پێی مادەی 140 وا پێویست ئەکات ئەم مەرسومە هەڵبوەشێندرێتەوەو قەزایەکە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوك وەك سەرەتایەك بۆ قۆناغی ئامارو ڕیفراندۆم.

ڕووبەر: 2111 کم2 لە جیاتی 3332 کم2 (دوای لێکردنەوەی هەردوو ناحیەی پێبازو تیلەکۆو بەستنیان بە مەرکەزی قەزاوە بەپێی هەردوومەرسومی کۆماری یەك لەدوای یەکی ژمارە 321و 911 لە 1987/6/11 و 1987/11/16) هەروەها ناحیەی صمودیش سەر بەم قەزایە.

ژمارەی دانیشتوان: 82400 کەسن بەپێی سەرژمێری ساڵی 1987، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977 (52773) کەس بوون.





3-قەزای طوزخورماتو:

بەپێی فەرمانێکی مەلەکی ساڵی1952 دامەزرێندرا.

قەزایەکە لە پارێزگای کەرکوک جیاکرایەوەو خرایە سەر پارێزگای صلاح الدین (تکریت) بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 41 لە 9-2- 1976 بەلاّم ئەم جیاکردنەیە ناحیەی داقوقی نەگرتەوە.

ئاسایی کردنەوە: بە پێی مادەی 140 وا پێویست ئەکات ئەم مەرسومە هەڵبوەشێندرێتەوەو قەزایەکە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوک وەك سەرەتایەك بۆ قۆناغی ئامارو ڕیفراندۆم.

ڕووبەر: 573 کم2 لە بری 1542کم2، (دوای هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی نەوجوڵو بەستنەوەی بە مەرکەزی قەزاوە بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 321 لە 1987/6/11)، ئەوەی شایانی باسە نەوجوڵ دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی طوزخورماتوو لەسەر سنووری پارێزگای سلێمانی.

ژمارەی دانیشتوان: 51998 کەسە بە پێی سەرژمێری ساڵی 1987، لە کاتێکدا بە پێی سەرژمێری ساڵی 1977 ژمارەی دانیشتوانی 75737 کەس بوون.



أ- ناحیەی ئامرلی:

بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 439 لە 1969/4/3دامەزرێندرا.

ڕووبەر: 739 کم2

ژمارەی دانیشتوان: بە پێی سەرژمێری سالی 1977 ژمارەی دانیشتوانی 15104 کەس بوو لە کاتێکدا بە پێی سەرژمێری ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوانی 22522 کەس بوون.

ب- ناحیەی سلێمان بەگ:

به پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 440 لە 1969/4/20 دامەزرێندرا.

ڕووبەر: 288 کم2 و مەرکەزەکەی گوندی سلێمان بەگی سەر بە قەزای طوزخورماتووە.

ژمارەی دانیشتوان: بە پێی سەرژمێری ساڵی 1977 ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە 7176 کەس بووە، لە کاتێکدا بە پێی سەرژمێری ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوانی بووە بە 11733 کەس.

4-قەزای کفری:

قەزایەکە لە پارێزگای تەئمیم (کەرکوك) جیاکرایەوە، خرایە سەر پارێزگای دیالی بە پێی بڕگەی دووەم لە مەرسومی کۆماری ژمارە 608 ی 1975/12/15 ئەویش لە چوارچێوەی پرۆسەی گۆڕینی دیموغرافیاو جوداکاری ڕەگەزی کە دژ بە کورد ئەنجامدرا.

ئاسایی کردنەوە: بە پێی مادەی 140 وا پێویست ئەکات ئەم مەرسومە هەڵبوەشێندرێتەوەو قەزایەکە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوك وەك سەرەتایەك بۆ قۆناغی ئامارو ڕیفراندۆم.



ڕووبەر: 1928 کم2 لە بری 228 کم2 دوای هەڵوەشاندنەوەی ناحیەکانی جەبارە، سەرقەڵا، کوکس و لکاندنیان بە مەرکەزی قەزاوە بە پێی ئەو مەرسومە کۆماریەی لە ڕێکەوتی 1987/6/11 دەرچووە.

ژمارەی دانیشتوان: بە پێی سەرژمێری ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوانی 28600 کەس بوون بە پێی ئامارە فەرمیەکانی وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی کورد لە مەرکەزی قەزای کفریدا بەو شێوەیە بووە کە لە《خشتەی ژمارە (3)》 دا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (3) ڕێژەی سەدی کورد دەردەخات لە قەزای کفری لە ساڵانی 1947-1977

ساڵ	ڕێژەی سەدی کورد
1947	٪70
1957	٪60
1965	٪64,3
1977	٪69,2

وێنەی بەیانی ژمارە (3) ڕێژەی سەدی کورد لە قەزای کفری لە ساڵانی 1947-1977



قەزایەکە ئەم ناحیەیە دەگرێتەوە

أ-ناحیەی قەرە تەپە: لە ماوەی حوکمڕانیان لە عێراقدا عوسمانیەکان بە فەرمانێك دایانمەزراند.

ڕووبەر: 913 کم2

ژمارەی دانیشتوان: 18064 کەس بە پێی سەرژمێری ساڵی1987، بەم جۆرە ژمارەی دانیشتوانی قەزا دەبێتە 46664 کەس بە پێی سەرژمێری ساڵی 1987.

تێبینی: بە پێی سەرژمێریەکی نا ڕەسمی باوەڕپێکراو ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك و پارێزگای کەرکوك لە سەرەتای ساڵی 1974دا بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی (4،5) دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (4) دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوک لە ساڵی 1974 دەردەخات

	ژمارەی دانیشتوان	عەرەب	کورد	تورکمان	اسور وکلدان وسریان وئەرمەن
ژمارەی دانیشتوان	270000	27000	139000	98000	6000
ڕێژەی سەدی	100	10	51.5	36.3	2.2

وێنەی بەیانی ژمارە (4-أ) ڕێژەی سەدی دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوک لە ساڵی 1974



وێنەی بەیانی ژمارە (4-ب) دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوک لە ساڵی 1974



خشتەی ژمارە(5) دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە ساڵی 1974

	ژمارەی دانیشتوان	عەرەب	کورد	تورکمان	ا پور وکلدان وسریان وئەرمەن
ژمارەی دانیشتوان	617000	93000	386000	132000	6000
ڕێژەی سەدی	100	15.1	62.5	21.4	1

وێنەی بەیانی ژمارە (5-أ) ڕێژەی سەدی دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە ساڵی 1974



وێنەی بەیانی ژمارە (5-ب) ڕێژەی سەدی دابەش بوونی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە ساڵی 1974



چارەسەری کێشە :

کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ڕوونو ئاشکرایە، ئاسایی بوونەوە وا پێویست ئەکات ئەو قەزایانەی کە لێی کراونەتەوە بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوك، بەپێی ئەو چوار بڕیارەی کە لە لێژنەی بالآی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستوری عیراقەوە دەرچوون.•

لە گەلّ ئەوەشدا پێویستە کێشەی دەرکردنو نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت لە ڕێگای گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانو گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکانو هەلّوەشاندنوەی گرێبەستە کشتوکالّیاکانو (گەڕانەوەی دوورخراوە سیاسیەکان) بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ سەرژمێرو ڕیفراندۆم

1 -قەزای چەمچەمالّ:

بەپێی بڕگەی یەکەمی مەرسومی کۆماری ژمارە 608 لە 1975/12/15 لە پارێزگای تەئمیم(کەرکوك) جیا کرایەوەو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

2- قضاء کلار:

بەپێی هەمان مەرسومی کۆماری کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە لە پارێزگای تەئمیم(کەرکوك) جیا کرایەوەو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

3- قەزای طوزخورماتو:

لة ثارێزطای کةرکوك کرایەوەو خرایە سەر پارێزگای صلاح الدین بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە 41 لە 1976./2/9

4- قەزای کفری:

لە پارێزگای تەئمیم (کەرکوك) جیاکرایەوە، خرایە سەر پارێزگای دیالی بە پێی بڕگەی دووەم لە مەرسومی کۆماری ژمارە 608 ی 1975/12/15.

دووبارە نەوتی کەرکوك

تا ئێستاش کێشەی نەوت لە کەرکوك ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی کوردستانە، هەر نەوتیش بوو بووە هۆی دارِشتنی ڕێکەوتنامەی سیڤەرو هەروەها ڕێکەوتنامەی لۆزان لە نێوان بریتانیاو تورکیادا، بە پێی ڕێکەوتنامەی سیڤەر هاوپەیمانەکان دەستیان لە ویلایەتی موصلّ هەلّگرت بەرامبەر بە دەست

• بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2.

هەڵگرتنی تورکەکان لە داواکردنی ویلایەتی موصلّ(کە سەر بە کوردستانی باشوور) بوو، دەرئەنجامیش دانپێدانان بە دەوڵەتی عیراقی کە لە ڕاستیدا سەر بریتانیا بوو.

لە 22ی ئابی 1919 دا سکرتێری وەزیری (وەزارەت)ی هیند بروسکەیەکی نارد بۆ نوێنەری بریتانیا لە بەغدادو تیایدا هاتبوو(دوای ئەوەی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی بەووردی لێکۆڵینەوەی لە بابەتی درێژکردنەوەی هێڵی ئاسنینی قزلباط بۆ کفریو کەرکوك کرد، بێ ڕەچاوکردن لە دوا بەکارهێنانی ئەم هێڵەدا، پێشنیار دەکەین کە هەر ئێستا دروست بکرێت، بۆ پاراستنو ئارامکردنەوەی کوردستانی باشوور)

لە بروسکەیەکی وەڵامدا بە ژمارە 10081 لە ڕێکەوتی (28)ی ئابی 1918 دا کە ئاڕاستەی سکرتێری وەزارەتی هیند کراوە نوێنەری بەریتانی ئاماژە دەکات بەوەی کە(دەسکەوتە ئابوریەکانی ئەم هێڵە گەورەترە لە سوودە ستراتیجیەکانی، چونکە بە چەند سەرچاوەیەکی نەوتی دەوڵەمەندو پارچەیەکی سەرەکی بۆ چاندنی جۆ لە میسۆپۆتامیا(عێراقی ئەمڕۆ) دا تێدەپەڕێت، بەربوومی دێهاتیو دارستانی تێدایەو زۆر پێویستمان پێیەتی، هەرچەندە هیوامان بە بوونی سامانێکی کانزایی زۆر بە هێز نییە، بەڵام ناکرێت پشت گوێ بخرێت).

بە ڕاستی کەرکوك گەنجینەی گەلێك سەرچاوەی نەوتی گرانبەهایە تەنها یەك بیری نەوتی (ك172) دەتوانێت 100000 (سەد هەزار) بەرمیل/ ڕۆژێك لە نەوتی خاو بەرهەم بهێنێت. هەر لە کاتی دەرهێنانی نەوتەوە لە ساڵی 1927 لە بیری ژمارە (1)ی بابە گوڕگوڕ وەبەرهێنانی نەوت لە حەقلەکانی کەرکوكو عەین زالە خوێنبەری ژیانی دەوڵەتی عیراقی بوو (پێش دۆزینەوەی حەقلی نەوتی باشوور لە بەسرە دواتریش لە عمارە).

نەوت لە کەرکوکەوە دەنێردرێتە دەرەوە لە ڕێگای ڕێکخەری هێڵی بۆریەکانی باکورەوە بۆ دەریای ناوەڕاست (هێڵی بانیاسو هێڵی طرابلس)، لە ڕێگای هێڵی ستراتیجی کە لە ك3 (حدیثة)ەوە دەست پێدەکاتو لە بەصرە کۆتایی دێت (دەتوانرێت لە ڕێگای هەردوو مینای قوڵی بەکرو خۆر العمیە بنێدرێتە باشوور، یان لە ڕێگای هێڵی عیراق کە بە سعودییەدا تێدەپەڕێت بنێردرێت بۆ دەریای سوور).

جگە لەوەش لە ڕێگای هێڵی عیراقی – تورکیەوە دەنێردرێتە مینای جیهان.

ئەوەی پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە توانای وەبەرهێنانی ئەم کێڵگە نەوتیانە بەرەو کەمبوون دەچێت بە هۆی ئەو ماوە دورو درێژەی کە بەسەر دەستپێکردنی وەبەرهێنانو دواتریش بەردەوام بوون لە سەر شێوازی دزینی بەربووم بە بیانووی بەرهەمهێنانو ناردنەدەرەوەی زۆرترین ووزەدا چووە.

هەرچی هێزی کاری کۆمپانیای نەوتی بەریتانی (IPC) یش بوو پێکهاتە جیاجیاکانی گەلی عێراق لە کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحی کاریان تێدا کردوە، زۆربەی فەرمانبەران ئینگلیز بوون تا ڕێکەوتنامەی پێکەوە بەشداربوون لە قازانج کە لە ساڵی 1952 لە نێوان کۆمپانیاو حکومەتدا بەسترا لەو کاتەوە بە عیراق بوون (تەعریق) دەستی پێکردو عیراقیەکان شوێنی ئینگلیزەکانیان گرتەوە لە کۆمپانیادا، پاشان لە سەرەتای ساڵی 1963 پرۆسەی تەعریب دەستی پێکرد کاتێك کە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارو کاربەدەستی کۆمپانیا گوازرانەوە بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکوك، لە تەنها بڕیارێکدا حکومەت هەستا بە گواستنەوەی (2500) کرێکارو کاربەدەستی کوردی لە کۆمپانیاو فەرمەنگەکانی دیکەوە گواستەوە بۆ بەغدادو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(بە هەموو هێزێکەوە) سڵی نەکردەوە لە دەرکردنی بڕیاری گواستنەوەی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەغداد.
ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە.

بڕیاری ژمارە 316•

پشت بەستن بە بڕگەی (2) لە مادەی چلو دوو لە دەستوور
ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دانیشتنی ڕێکەوتی 1974/4/6 دا ئەم بڕیارەی دا:
1- گواستنەوەی (عباس عبدالكريم) بەڕێوەبەری دارایی لە کۆمپانیای عیراقی بۆ کارە نەوتییەکان بۆ دیوانی چاودێری دارایی.
2- گواستنەوەی (صلاح سعدالله) ئەندازیاری پێشکەوتوو لە کۆمپانیای عیراقی بۆ کارە نەوتییەکان بۆ وەزارەتی نەوتو کانزاکان/ مصلحەی دابەش کردنی بەربوومە نەوتییەکان لە بەغداد.
3- لەسەر وەزیرە پەیوەندارەکانە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

احمد حەسەن بەکر

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە ئەنجامی گواستنەوەیەنادا فەرمانبەرو کرێکارە گوازراوەکان بە شێکی زۆر لە مافە دەسکەوتوەکانیان لە دەستدا. ئەم خشتەیەی خوارەوە پێکهاتەی نەتەوەیی کرێکارانی نەوتی شیمال دەردەخاتو چۆن پرۆسەی بەعەرەبکردن لە ساڵی 1963 ەوە دەستی پێکردووە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر ئەو کرێکارانەدا هاتووە تا ساڵی 2006 و بە شێوەیەکی نادروست تێبینی زیابوونی کرێکارە عەرەبەکان دەکرێت بەرامبەر بەو شێوە نادروستەی کە لە کەم بوونەوەی کرێکارە کوردەکاندا کراوە بەتایبەتی دوای

• سەرچاوە ڕۆژنامەی وەقایعی عیراقی ژمارە 2339.

توندکردنی سیاستی شۆڤینی حکومەتە عیراقیەکان، خشتەکان وێنەی جوداکاری ڕەگەزی دژ بە کورد، هەڵمەتی بەعەرەبە کردنو گۆڕینی دیموغرافیای ڕێکخراو دەردەخات.لە خشتەی ژمارە (6و7) دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (6) ژمارەی کرێکارەکانی کۆمپانیای نەوتی شیمال لە کەرکەك (2006-1958)

ساڵ	عەرەب	کورد	تورکمان	مەسیحی	ئینگلیز	کۆی گشتی
1958	40	850	370	900	70	2230
1960	55	1350	500	1100	65	3070
1963	100	1150	700	1400	60	3410
1965	170	1000	800	1350	55	3375
1968	300	875	850	1000	50	3075
1972	900	700	900	1000		3500
1978	2700	500	1200	850		5250
1982	4500	400	1500	800		7200
1988	5200	300	1700	750		7950
1995	6600	260	1800	700		9360
2000	7200	119	1920	600		9839
2006	7300	610	2100	500		10510

رسم بياني رقم (□-أ) يبين عدد العاملين في شركة نفط الشمال في كركوك
□□□□-□□□

يشير التغيير في عدد الكورد والعرب الى التمييز العرقي الصارخ ضد الكورد لصالح العرب العمالة الكوردية تتناقص بينما العمالة العربية الوافدة تتزايد، كذلك تناقصت العمالة المسيحية. اما العمالة التركمانية فبقيت ثابتة تقريبا



رسم بياني رقم (-ب) يبين عدد العاملين في شركة نفط الشمال في كركوك

يشير التغيير في عدد الكورد والعرب الى التمييز العرقي الصارخ ضد الكورد لصالح العرب. العمالة الكوردية تتناقص بينما العمالة العربية الوافدة تتزايد، كذلك تناقصت العمالة المسيحية. اما العمالة التركمانية فبقيت ثابتة تقريبا



خشتەی ژمارە(7) ڕێژەی سەدی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی شیمال (1958-2006)•

ساڵ	عەرەب	کورد	تورکمان	مەسیحی	ئینگلیز
1958	1	38	16	40	3
1960	1	43	16	35	2
1963	2	33	20	41	1
1965	5	29	23	40	1
1968	9	28	27	32	1
1972	25	20	25	28	
1978	51	9	22	16	
1982	62	5	20	11	
1988	65	3	21	19	
1995	70	2	19	7	
2000	73	1	19	6	
2006	69.45	5.8	19.98	4.75	

گۆڕین لە ژمارەی کوردو عەرەبەکاندا نیشانەیە بۆ ئەو جوداکاریە ڕەگەزیە زەقەی کە بەرامبەر بە کورد کراوە بۆ بەرژەوەندی عەرەب.خشتەکە دەریدەخات کە چۆن دەستی کاری کوردو مەسیحیەکان کەم دەکات لە کاتێکدا ژمارەی دەستی کاری هاوردە لە زیادبووندایە، هەرچی دەستی کاری تورکمانەکانیشە تا ڕادەیەك بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

بەرەو ئاساییبونەوەو ئامارو ریفراندۆم لە کەرکوك:

بە بەڵگەنامە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکمان بۆ ساڵی 1987• سەلماند، هەروەها بە پێی ئامارە ڕەسمیەکان کە لە خشتەی (2و3و4) دا دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکمان بە پێی پێکهاتە نەتەوەیە سەرەکیەکان بۆ ساڵەکانی 1957، 1977، 1997 ڕوون کردۆتەوە.

• خشتەکە دەریدەخات کە چۆن دەستی کاری کوردو مەسیحی بەرەو کەم بوون دەڕوات، لە کاتێکدا دەستی کاری عەرەبی هاوردە بەرەو زیادبوون دەڕواتو تورکومانیش تا ڕادەیەك بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

ئێستاش ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك 705014 کەسە•

ژمارەی کوردەکانیش لە گەڕەکە کورد نشینەکانی (ڕەحیم ئاوا، ئیسکان، ئیمام قاسم، ڕزگاریو شۆڕیجە) (263012) کەسن، (دوای بەدواداچوون لە گەڵ بەرپرسی ئیداری قەزا) ئەگەر ژمارەی ئەو ئەو کوردانە ی کە لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا کە نزیکەی (1637009) کەسن بخەینە سەر ئەم ژمارەیە ژمارەی کوردەکان لە شاری کەرکوکدا دەبێتە (426712) کەس، واتە ڕێژەی (60%) لە سەدا شەستی کۆی دانیشتوانی شارەکە پێك دەهێنن.

ئەوەی شایانی باسە پارێزگای کەرکوك لە ڕێکەوتی 1996/11/8 * نامەیەکی نووسیوە بۆ سەرۆکی لێژنەی شیمال لە ژێر ناونیشانی "واقیعی دانیشتوانی شاری کەرکوك" تێیدا سکاڵای ئەوە دەکات " کوردەکان ڕێژەی لە 60% کۆی دانیشتوان پێك دەهێنن" هەروەها لە درێژەی نامەکەیدا ئەڵێت (چەند گەڕەکێکی عەرەب نشین هەن ئێستا بە تەواوی بوون بە کورد نشین وەك گەڕەکی کەرامە، ئیسکان، حی الشرطة، شورجة) هەروەها دەڵێت (تا ئێستاش بازرگانیو کارە ئابوریەکان بە دەست کوردەکانەوەنو بەڵێندەرو خاوەن کارە دەستیو کارە گشتیو خزمەتگوزارییەکان کوردن).

وەك دەزانین لە ساڵەکانی (1996 – 2003) گوێزرانەوەیەکی گەورەی ئەوتۆ لە کەرکوکەوە یا بۆ کەرکوك نەکراون، بەڵام لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ساڵی 2003 دا گواستنەوەی دانیشتوان بە هەردو ئاڕاستەکە کراوە، بە شێوەیەك تا ڕێکەوتی 2006/12/31 (42724) خێزانی کورد گەڕاوەتەوە کەرکوك کە کۆی گشتی ئەم خێزانانە (224544) سەر کەسن، بە ئاڕاستەی پێچەوانەش (5986) خێزانی عەرەب لە کەرکوك دەرچوون کە کۆی گشتی ئەم خێزانانە عائلە عربیە عن کرکوك بلغ (52973) سەر کەسن، ئەم ئاڕاستەیەش بەردەوامەو بەرەو قۆناغی ئاساییبوونەوە دەڕوات.

ئێستا دەرئەنجامەکە ڕونو ئاشکرایە، لەگەڵ گەڕانەوەی هەر چوار قەزا دابڕەوەکە (چەمچەماڵ، کفری، کەلار، طوزخورماتو) بۆ سەر پارێزگای کورد کورد زۆرینەیەکی کاریگەر پێك دەهێنن لە پارێزگادا.

• سەرچاوە ڕێدەری ئیداری کۆماری عیراق بۆ ساڵی 1987 .

• پشت بەستن بە پسولەی خۆراك لە ڕێکەوتی 2007/4/30.

*بروانە دەقی نامەکە لە لاپەڕە

السيد رئيس لجنة الشمال المحترم:

م/ الواقع السكاني لمدينة كركوك

١٧٢٧
٩٦/٧/٨

علمنا مايلي :-

١- خلال فترة الحرب العراقية - الايرانية تم ترحيل اعداد كبيرة من الاكراد الذين كانوا يسكنون مركز مدينة كركوك ، وكذلك الذين كانوا يسكنون مناطق شوان - قره حسن - قادر كرم الى محافظتي اربيل والسليمانية لاسباب امنية وقد تم ترحيل سجلات نفوسهم وقيودهم من محافظة التأميم الى المحافظتين المذكورتين ٠٠ وكانت نسبة الاكراد قبل احداث صفحة الخيانة والغدر في مدينة كركوك تقدر بـ ٤٠ ٪ من سكان المدينة ٠

٢- في منتصف عام ١٩٩١ نزحت اعداد كبيرة من الاكراد من سكنة منطقة الحكم الذاتي الى المدينة بضمنهم العوائل المرحلة مترسا قبل عام ١٩٩٠ ٠

٣- توجد الان نسبة عالية من شباب محافظتي السليمانية واربيل في مدينة كركوك يفترشون شوارع المدينة وخاصة في الجانب الكبير ويزاولون الاعمال التجارية وخاصة المواد المهربة ٠

٤- العوائل الكردية التي عادت وتسربت الى المدينة نظمت لها استمارات الحصة التموينية استنادا الى هويات الاحوال المدنية التي بحوزتها والمنظمة لها قديما قبل نقل سجلات نفوسها الى السليمانية واربيل وتقدر عدد افراد هذه العوائل مابين (٧٠ ٠٠٠ - ١٠٠ ٠٠٠) نسمة وان الاكراد الان يشكلون نسبة حوالي ٦٠ ٪ من مجموع السكان ٠

٥- هناك احياء عربية كاملة اصبحت الان كردية صرف مثل حي (الكرامة) في الاسكان وحي (الشرطة) في الشورجة بسبب اخلائها من قبل سكانها العرب بعد احداث صفحة الخيانة والغدر مباشرة ٠

٦- هناك عوائل كردية تشكل مراكز استقطاب يتجمع الاكراد حولها مثل (عائلة كسنزان - عائلة قرة جيوار - عائلة الكاكية - عائلة الطالبانية ومعهم مستشاري افواج افواج الدفاع الوطني ٠)

٧- لا زالت التجارة والامور الاقتصادية في المدينة بيد الاكراد ، وكذلك المقاولين واصحاب الحرف والمرافق العامة والخدمات ٠

وێنەی بەیانی ڕێژەی سەدی دانیشتوانی کەرکوك
بە پێی نەتەوە لە ساڵانی (1957-1977) دەردەخات



وێنەی بەیانی ژمارەی دانیشتوانی تەئمیم(کەرکوك)
بە پێی نەتەوە بۆ ساڵی 1977دەردەخات



وێنەی بەیانی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای تەئمیم (کەرکوك)-1997
بە پێی نەتەوە دەردەخات



الرسم البياني يبين سكان محافظة التأميم (كركوك)-1997 بحسب القومية

وێنەی بەیانی ژمارەی دانیشتوانی كەركوك بە پێی

نەتەوە (نیسانی 2007)



پاشکۆکان

پاشکۆی ژماره (1)

مادەی پە نجاو هەشت

لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی کاتی

المادة الثامنة والخمسون

من قانون إدارة الدولة للمرحلة الإنتقالية

(أ)- تقوم الحكومة العراقية الانتقالية ولا سيما الهيئة العليا لحل النزاعات الملكية العقارية وغيرها من الجهات ذات العلاقة، وعلى وجه السرعة، باتخاذ تدابير، من اجل رفع الظلم الذي سببته ممارسات النظام السابق والمتمثلة بتغيير الوضع السكاني لمناطق معينة بضمنها كركوك ، من خلال ترحيل ونفي الافراد من اماكن سكناهم ، ومن خلال الهجرة القسرية من داخل المنطقة وخارجها، وتوطين الأفراد الغرباء عن المنطقة ، وحرمان السكان من العمل ، ومن خلال تصحيح القومية. ولمعالجة هذا الظلم ، على الحكومة الانتقالية العراقية اتخاذ الخطوات التالية :

فيما يتعلق بالمقيمين المرحلين والمنفيين والمهجرين والمهاجرين، وانسجاماً مع قانون الهيئة العليا لحل النزاعات الملكية العقارية، والإجراءات القانونية الأخرى، على الحكومة القيام خلال فترة معقولة، بإعادة المقيمين إلى منازلهم وممتلكاتهم، وإذا تعذر ذلك على الحكومة تعويضهم تعويضا عادلا.

بشأن الافراد الذين تم نقلهم الى مناطق و اراض معينة ، وعلى الحكومة البت في امرهم حسب المادة 10 من قانون الهيئة العليا لحل النزاعات الملكية العقارية، لضمان امكانية اعادة توطينهم ، اولضمان امكانية تلقي تعويضات من الدولة ، او امكانية تسلمهم لأراض جديدة من الدولة قرب مقر اقامتهم في المحافظة التي قدموا منها ، او امكانية تلقيهم تعويضاً عن تكاليف انتقالهم الى تلك المناطق .

بخصوص الاشخاص الذين حرموا من التوظيف او من وسائل معيشية اخرى لغرض اجبارهم على الهجرة من اماكن اقامتهم في الاقاليم والاراضي ، على الحكومة ان تشجع توفير فرص عمل جديدة لهم في تلك المناطق والاراضي .

اما بخصوص تصحيح القومية فعلى الحكومة الغاء جميع القرارات ذات الصلة ، والسماح للاشخاص المتضررين، بالحق في تقرير هويتهم الوطنية وانتمائهم العرقي بدون اكراه او ضغط.
(ب)- لقد تلاعب النظام السابق ايضاً بالحدود الادارية و غيرها بغية تحقيق اهداف سياسية . على الرئاسة والحكومة العراقية الانتقالية تقديم التوصيات الى الجمعية الوطنية وذلك لمعالجة تلك التغييرات غير العادلة. وفي حالة عدم تمكن الرئاسة الموافقة بالأجماع على مجموعة من التوصيات، فعلى مجلس الرئاسة القيام بتعيين محكم محايد و بالاجماع لغرض دراسة الموضوع وتقديم التوصيات . وفي حالة عدم

قدرة مجلس الرئاسة على الموافقة على محكم، فعلى مجلس الرئاسة أن يطلب من الأمين العام للأمم المتحدة تعيين شخصية دولية مرمـوقة للقيام بالتحكيم المطلوب.

(ج)- تؤجل التسوية النهائية للاراضي المتنازع عليها ، ومن ضمنها كركوك ،الى حين استكمال الاجراءات أعلاه، وإجراء إحصاء سكاني عادل وشفاف والى حين المصادقة على الدستور الدائم. يجب ان تتم هذة التسوية بشكل يتفق مع مباديء العدالة، آخذاً بنظر الاعتبار ارادة سكان تلك الاراضي.

پاشكۆی ژماره (2)

چوار بڕیارەکەی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140

لە دەستوری عیراقی

کۆماری عیراق
سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
لیژنەی جێبەجێ کردنی
مادەی(١٤٠) لە دەستور

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
لجنة تنفيذ
المادة (١٤٠) من الدستور

ژمارە :
رێنکەوت : / / ٢٠٠

العدد : ٦
التاريخ: ١٦/ ١ /٢٠٠٧

قرار رقم (١)

اجتمعت لجنتنا المشكلة بموجب الامر الديواني المرقم (٤٦) والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ اجتماعها العاشر بتاريخ ٢٠٠٧/١/١٠ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

((اعادة جميع الموظفين من السكان الاصليين للمناطق المتنازع عليها من (الكورد ، التركمان ، الاشوريين ، الكلدانيين ، العرب) الذين تم فصلهم او ابعادهم او نقلهم خارج تلك المناطق لاسباب سياسية او عرقية او طائفية او دينية للفترة من ١٧ تموز ١٩٦٨ ولغاية ٩ نيسان ٢٠٠٣ الى وظائفهم السابقة او القريبة منها في مناطقهم الاصلية وفقا للقانون)).

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
٢٠٠٧/١/

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني : lejna140dastor@yahoo.com هاتف السكرتير : موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٣٢٨٩٢ – ٧٤٣٢٨٨١

العدد : ٤٢
التاريخ : ١٦/ ١ / ٢٠٠٧

ژمارە :
ڕێکەوت : / / ٢٠٠

قرار رقم (٢)

اجتمعت لجنتنا المشكلة بموجب الامر الديواني المرقم (٤٦) العدد (م ر ن / ٤٨ /١٣٧٣) والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ اجتماعها الحادي عشر بتاريخ ٢٠٠٧/١/١٦ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

اولا: اعادة جميع العوائل المرحلة والمهجرة الذين رحلوا وهجروا من المناطق المتنازع عليها نتيجة سياسات النظام السابق للفترة من ١٧ تموز ١٩٦٨ ولغاية ٩ نيسان ٢٠٠٣ والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق الى مناطقهم السابقة واتخاذ الالية ادناه للتنفيذ :-

أ. تعوض العوائل المرحلة والمهجرة بقطعة ارض سكنية تخصص من الدولة في مناطقهم الاصلية التي هجروا ورحلوا منها بشرط ان لايكونوا من المستفيدين بامتلاكهم قطعة ارض سكنية من الدولة سابقا.

ب. تعوض جميع العوائل المرحلة والمهجرة بتعويض مالي قدره فقط خمسة ملايين دينار وتعوض العوائل المرحلة والمهجرة الساكنة داخل حدود بلدية كركوك مبلغا قدره فقط عشرة ملايين دينار .

ثانيا: تقوم هيئة حل نزاعات الملكية العقارية بحل جميع قضايا العقارات والاملاك المصادرة والمستملكة نتيجة سياسات النظام السابق في المناطق المتنازع عليها المشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق وباسرع وقت ممكن اقصاه (١٥ / ٣ / ٢٠٠٧).

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
٢٠٠٧/١/

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني : lejna140dastor@yahoo.com هاتف السكرتير : موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٣٢٨٩٢ – ٧٤٣٢٨٨١

كۆماری عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
لیژنەی جێبەجێ کردنی
مادەی(١٤٠) لە دەستور

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
لجنة تنفيذ
المادة (١٤٠) من الدستور

ژمارە :
ڕێکەوت : / / ٢٠٠

العدد : ٢٧
التاريخ : ٤ / ٢ / ٢٠٠٧

قرار رقم (٣)

اجتمعت لجنتنا المشكلة بموجب الامر الديواني المرقم (٤٦) العدد (م ر ن / ٤٨ /١٣٧٣) والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ اجتماعها الثالث عشر بتاريخ ٢٠٠٧/٢/٤ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

اولا:

اعادة جميع العوائل الوافدة الى المناطق المتنازع عليها والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق و بصورة خاصة محافظة كركوك الى مناطقهم السابقة التي وفدوا منها نتيجة سياسات النظام السابق للفترة من ١٧ تموز ١٩٦٨ ولغاية ٩ نيسان ٢٠٠٣ واتخاذ الالية ادناه للتنفيذ:-

أ. منحهم مبلغ عشرون مليون دينار مع قطعة ارض سكنية في مناطقهم الاصلية.

ب. نقل قيد العوائل الوافدة من دوائر الاحوال المدنية من المناطق المتنازع عليها الى دوائر الاحوال المدنية في مناطقهم الاصلية.

ج. نقل البطاقة التموينية للعوائل الوافدة من المناطق المتنازع عليها الى مناطقهم الاصلية.

د. نقل جميع المستمسكات الرسمية المتبقية للعوائل الوافدة من المناطق المتنازع عليها الى مناطقهم الاصلية السابقة.

هـ. يتم صرف مبلغ المنحة بعد تقديم المعنيين ما يؤيد نقل سجلات الاحوال المدنية و البطاقة التموينية للمشمولين بهذه المنحة.

ثانيا:

على وزارتي الداخلية والتجارة والدوائر ذات العلاقة تسهيل مهمة الوافد فيما يتعلق بما وردة في (ب، ج ، د) من الفقرة (اولا) اعلاه.

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني : lejna140dastor@yahoo.com هاتف السكرتير : موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٣٢٨٩٢ – ٧٤٣٢٨٨١

ثالثا:

على الوزارات والدوائر ذات العلاقة تسهيل مهمة الوافد اذا كان موظفا في نقل وظيفته من المناطق المتنازع عليها الى مناطقهم الاصلية.

رابعا:

ينفذ جميع فقرات القرار اعلاه قبل يوم ٢٠٠٧/٣/١٥ .

خامسا:

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
/٢٠٠٧/٢

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني : lejna140dastor@yahoo.com هاتف السكرتير : موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٣٢٨٩٢ - ٧٤٣٢٨٨١

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
لجنة تنفيذ
المادة (١٤٠) من الدستور

بسم الله الرحمن الرحيم

كۆماری عێراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
لیژنەی جێبەجێ كردنی
مادەی (١٤٠) لە دەستور

العدد: ٢٨
التاريخ: ٤/٥/٢٠٠٧

ژمارە:
ڕێكەوت: / / ٢٠٠

قرار رقم (٤)

اجتمعت لجنتنا المشكلة بموجب الامر الديواني المرقم (٤٦) العدد (م ر ن / ٤٨ /١٣٧٣) والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ اجتماعها الثالث عشر بتاريخ ٢٠٠٧/٢/٤ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

اولا:

الغاء كافة العقود الزراعية التي ابرمت ضمن سياسات التغيير الديمغرافي (التعريب) في المناطق المتنازع عليها والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق وبصورة خاصة محافظة كركوك واعادة الحال الى ما كان عليه قبل ابرام تلك العقود.

ثانيا:

يخول الدوائر ذات العلاقة بتنفيذ هذا القرار.

ثالثا:

ينفذ هذا القرار قبل يوم ٢٠٠٧/٣/١٥.

رابعا:

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
٢٠٠٧/٢/

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني: lejna140dastor@yahoo.com هاتف السكرتير: موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٣٢٨٩٢ – ٧٤٣٢٨٨١

پاشكۆی ژماره (3)

بڕیارو مەرسومە كۆماریەكان، تایبەت بە گۆڕینی ئیداریو دیمۆغرافیای پارێزگای كەركوك

(بڕیارەكانی 1-91)

ژ	ژمارەی بڕیار یان مەرسوم	بابەت	تێبینی
1	3015/32 لە 1999/8/23	ڕاگواستنی کورد لە ناوچە ئۆتۆنۆمیەکانو ڕێگەنەدان بە نیشتەجێبوونیان	مپارێزگای نەینەوا،تەئمیمو دیالە
2	3981/5/9 لە 2000/4/16م	ڕاگواستنی هاولاتیە ناعەرەبەکان لە پارێزگای تەئمیم.	کاری پێویست ئەنجامبدرێتو لە تۆماری (ناسنامەی کەسێتیدا)
3	(66) لە 1998/2/11	گرێبەست لەگەڵ جوتیارە عەرەبەکاندا لە پرۆژەی ئاودێری صدام	
4	ژمارە (بلا) لە 1999/6/15	بەخشینی چەك بە جوتیارە عەرەبەکان	لە (قەزای داقوق)
5	(348) لە 2000/3/20	ئەو کەرتە کشتوکاڵیانەی کە دەکەونە (پشتوێنی ئەمنی) شاری کەرکوك بۆ ئەوەی ئامادە بکرێن بۆ دابەش کردن بە سەر هۆزە عەرەبەکاندا.	لە ناحیەی (لەیلان) کۆمەڵگەکانی المثنی، الرشید، عمربن عبدالعزیز دەگرێتەوە.
6	/250/20 لە 1995/2/14	هاندانی ئەو عەرەبانەی کە گرێبەستیان بۆ کراوە کە تۆماری نفوسو پسولەی خۆراکیان بگوازنەوە بە تایبەتی لەکەرتەکانی هەردوو پارێزگای تەئمیمو نەینەوا.	لە پارێزگای تەئمیمەوە بۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ.
7	821لە 2001/5/8	بە مەرجێك ئەو عەرەبەی کە گرێبەستەکەی لەگەڵ دەکرێت لە ناوچەی (پشتوێنی ئەمنی بێت)و لەو کەسانە بێت کە دڵسۆزن بۆ حزبو شۆڕش	دیاری کردنی کاتێك بۆیان، لە طە یاسین رمضانەوە / سەرۆکی لێژنەی شیمال
8	بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش 850 فی 1988/11/27	قەدەغەکردنی عەرەب لە گۆڕینی نەتەوەی	سەرپێچی کەر سزا دەدرێت بە سجن کەمتر نەبێت لە ساڵێك.
9	بڕیاری 199 لە	ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە	وەزیری ناوخۆ ئاسانکاری پێویستیان بۆ

	2001/9/6	ئاسانكاری بۆ ئەو كەسانەی نەتەوەیان عەرەب نیەو دەیانەوێت بن بە عەرەب.	بكات.
10	1558/6/6لە 2000/2/25	لەسەر ڕێنمایەكانی وەزارەتی ناوخۆ، ئاگاداركردنەوەی سەرجەم فەرمانبەرەكانی فەرمانگەكانی تەئمیم بە ڕاست كردنەوەی نەتەوەیان، بە پێچەوانەوە ئیجرائات وەردەگیرێت.	ماوەی 2000/4/1 دیاریكراوە بۆ ئەم مەبەستە.
11	نووسراوی 1931/7/8 لە 2000/1/18	لیستی ئەو ناوانەی كە نەتەوەی خۆیان نەگۆڕوە بۆ عەرەب.	بە واژۆی پارێزگاری تەئمیم.
12	7109/6/1 لە 2000/7/1	ژمارەی ئەوانەی نەتەوەی خۆیان گۆڕیوە بۆ عەرەب	لە پارێزگای تەئمیمەوە
13	2839 لە2000/2/15	زۆرلێكردنی فەرمانبەرانی سەرجەم فەرمانگەكانی پارێزگای تەئمیم بۆ ڕاست كردنەوەی نەتەوەیی خۆیان بۆ عەرەب	بە پێچەوانەوە ئیجراتی تایبەتیان بەرامبەر وەردەگیرێت.
14	1987/18/7لە9/17/1999	ئەوانەی كە نەتەوەی خۆیان ڕاست كردۆتەوە پلەی تایبەتی دەیانگرێتەوە	هاندانی كەسانی دیكەش، بە واژۆی پارێزگای تەئمیم
15	6739/6/95 فی 2000/8/2	فەرمانی كارگێڕی بە گواستنەوەی	كوردو توركومانیشی تێدایە
16	قرار 1391 فی 1981/10/2	پێكهێنانی لێژنەیەك بۆ ڕێكخستنی ڕاگواستنی (عائدون)ەكان بۆ ناوەڕاستو باشوری عیراق.	لە ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش
17	1407 فی 1999/7/17	گواستنەوەو دورخستنەوەی فەرمانبەرە توركمانو كوردەكانو دانەمەزراندنیان لە ناو پارێزگا.	لەبەر هۆكاری ئەمنی، بە واژۆی پارێزگاری تەئمیم.
18	589 فی 1997/8/16	تۆماركردنی ناوی ڕاگوێزراوەكانو ناوی ئاوانەی سوودمەند بوون.	بە واژۆی پارێزگاری تەئمیمو لیستێك بە ناوی
19	679/2لە 1999/3/18	ئیستملاك كردنی خانووی ڕاگوێزراوەكانلە پارێزگای تەئمیم.	بە واژۆی لێژنەی شیمال بۆ پارێزگای تەئمیم.
20	بڕیاری 529 لە 1989/10/7	بۆ هەر عیراقیەك هەیە لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پارچە زەویەك تەملیك بكاتو لەكاتێكدا مافی مافی داوە بە هاولاَتیانی ناوچەكە لە دەرەوەی ناوچە پارچە زەوی تەملیك بكەن.	بە مەبەستی هاندانی نیشتەجێبوونی عەرەب لە ناوچەكەدا, دانیشتوانی كوردیش لە دەرەوەی ناوچەكە. (بڕیاڕی سەرۆكایەتی كۆمار).

لە سەرکردایەتی کەرتی تەئمیمەوە بۆ پارێزگار	لیستێك بە ناوی کوردە دەرکراوەکانو خێزانەکانیانو ماڵو موڵکەکانیان.	ژمارە 1203/687/92 لە 7/ 1999/9	21
لە کارگەی کبریتی کەرکوکەوە	لیستێك بە ناوی ئەو فەرمانبەرو کرێکارانەیکە گوازراونەتەوە بۆ دەرەوەی پارێزگا	1088/8/1173 لە 1974/2/24	22
بە واژۆی پارێزگای تەئمیم بۆ وەزیری ناوخۆ	زانیاری دەبارەی ڕاگواستنی خێزانی کوردو تورکمانەکان بۆ دەرەوەی پارێزگا تەنها بۆ ساڵی 1988	2165/6/3 لە 1999/5/14	23
لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ وەزارەتی پارێزگای تەئمیم.	بە ناوکردنی خانوەکانی (گەرەکی 17 تموز, گەرەکی 30 تموز و گەرەکی کەرامە)	بڕیار (737) لە 1979/6/7	24
لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە دوای ئەوەی دەستی بەسەردا گیراو لە حاوەنەکوردەکانیان سەندرانەوە.	بە ناو کردنی خانوەکانی (گەرەکی 17 تموز, گەرەکی 30 تموز، گەرەکی المنصورو گەرەکی شۆڕجە)بە ناوی هێزی ئاسایشی ناوخۆ	بڕیار (972) لە 1979/7/29	25
دوای جیاکردنەوەی بە سنووری (250)م2/بۆ هەر پارچەیەك. واژۆ کراوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە.	ئیستملاك کردنی پارچە زەوی هاولاتیە کوردەکانو بەناوکردنی بە ناوی پارێزگای تەئمیمەوە (شارەوانیەکان).	بڕیاری (900) لە 1977/8/10	26
دابەش کردنیان بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا بە ئیستیسنا لە ئەنجامدانی ئیجرائاتی ئیعتیادی.	تەخویل کردنی پارێزگاری تەئمیم بە فرۆشتنی ئەو پارچە زەویانەی لە بڕیاری (900) دان بە فەرمانبەرو کرێکارەکانی کەرکوك	بڕیار (901) لە 1977/8/10	27
وەجبەی (1468) لە 1998/4/25 بۆ 1998/6/15	دست بەسەرداگرتنی کەسێك لە هەر خێزانێکی ڕاگوازراوە و لیستێك بە ناوی ئەو کەسو خێزانانەی کە ڕاگوازراون.	نوسراوی 1423 لە 1998/8/12	28
بە واژۆی ئەفسەری هۆبە بۆ سەرکردایەتی هۆبەی تەئمیم	گواستنەوەی ڕاگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی جگە لە ڕاگوێزراوەکانی پارێزگای تەئمیمو	بروسکەی وەزارەتی ناوخۆ لە 1977/4/11	29

		دیالەو نەینەواکە ناگەڕێنەوە	
30	س/8231431 لە 1998/7/13	لیستێك بە ناوی خێزانە ڕاگوێزراوەكان (545) خێزان لە شاری كەركوك	لەبەر هۆكاری ئەمنی‌و دەستبەسەردا گرتنی موڵك‌و ماڵیاندا.
31	3981/5/9 لە 2000/4/16	ڕاگواستنی هاولاَتیانی نا عەرەب بۆ دەرەوەی پارێزگای تەئمیم.	واژۆی پارێزگای تەئمیم.
32	247 لە 1995/11/21	خێزانە كوردە ڕاگوێزراوەكان قەرەبوو وەرگرتن نایانگرێتەوە، تەنها بە عەرەبەكان دەفرۆشرێت	
33	3521 لە 1995/4/4	ڕاگواستنی خێزانە كوردەكان لە پارێزگاكانی تەئمیم، دیالە، نەینەوا بۆ پارێزگاكانی دیكە.	واژۆی بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ
34	3015/32 لە 1999/8/23	ترحيل العوائل الكرديه الى خارج (الحكم الذاتى) وعدم السماح لهم السكن فى محافظات نينوى، ديالى و التأمين ايجا"ڕاگواستنی خێزانە كوردەكان بۆ دەرەوەی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی)قەدەغەكردنیان لە نیشتەجێبوون لە پارێزگاكانی نەینەوا دیالەو تەئمیم.	
35	2007 لە 1998/9/9	نەهێشتنی كاركردنی كوردەكان لای ئەو عەرەبانەی كە لە چوارچێوەی (پشتوێنی ئەمنیدان)	
36	525 فی 2000/9/18	بە كارهێنانی ووشەی (تطوير)لە برى (تعريب) لە كاتی قسە كردن لەسەر پارێزگای تەئمیم ، دوو پارێزگای صلاح الدین‌و بابل زیاد بكرێت لەسەر پارێزگاكان.	كە دەتوانرێت بگوازرێنەوە بۆی. بە واژۆی پارێزگاری تەئمیم.
37	12136 لە 1999/9/21	پابەند كردنی قوتابیان لەسەرجەم قۆناغەكاندا، بۆ خوێندن بە زمانی عەرەبی‌و قەدەغە كردنی بەكارهێنانی هەر جۆرە لەهجەیەكی محلی ناعەرەبی.	
38	10415/84 لە 1999/10/18	پێكهێنانی لێژنەیەك بۆ بەدواداچوونی پابەندبوونی قوتابیان لە پراكتیكە بەكارهێنانی زمانی عەرەبی لە سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا.	

لە زمانی کوردیەوی‌و تورکمانیەوە بۆ زمانی عەرەبی.	سەرکەوتنی پرۆسەی پراکتیك کردنی پابەند بوون بە زمانی عەرەبی لەسەرجەم قوتابخانەکانداو گۆڕینی ناوی بازاڕو مزگەوت‌و شوێنە بازرگانیەکان	1879/11/9 لە 2000/6/26	39
جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی دیوانی سەرۆکایەتی 314 لە 2000/1/9	قەدەغەکردنی ئەوانەی عەرەب نین لە کارکردن لەبواری بازرگانی‌و بەشداریکردن لە موزایەدە	217 لە 2000/1/18	40
	پابەند کردنی بازرگانی تەنها بۆ عەرەبە نایابەکان.	957 لە 2000/2/7	41
	دابەش کردنی زەوی بەسەر هۆزە عەرەبەکاندا لە ناحیەی تازە.	12045 لە 1999/9/20	42
پلانێك بۆ گەمارۆدانی شارەکە بە هۆزە عەرەبەکان.	پشتوێنی ئەمنی شاری کەرکوك‌وئەوەی کە هۆزە عەرەبەکان دەگرێتەوە	348 لە 2000/2/20	43
	دابەش کردنی زەوی بەسەر هۆزەکانی (شمر) لە قەزای دبس.	119 لە 1998/4/1	44
	هەڵبژاردنی هۆزی عەرەبی دیکە لە بری (شمر) دوای ئەوەی شمرەکان رەفزیان کرد	10878 لە 1998/8/29	45
بەمەرجێك ناسنامەی کەسی‌و پسولەی خۆراکیان بگوازنەوە، وەك لە نووسراوەکەشدا هاتووە کۆمەڵگەشیان بۆ دیاری کراوە .	هەڵبژاردنی هۆزەکانی‌دلێم‌و وبنی تمیم و بدێرو سادە ....بۆ نیشتەجێ بوون لە پارێزگای تەئمیم‌وو دابەش کردنی زەوی کشت‌و کاڵی بەسەریاندا.	459 لە 1998/12/8	46
کوردو تورکمانەکان زەویان لەدەرەوەی پارێزگا پێدەدرا لەکاتێکدا بۆ عەرەبە هاوردەکان بە پێچەوانەوە بوو.	لە پێبەخشینی زەویدا عەرەبە هاوردەکان لەپێشترن وەك لە کوردەکانی خەڵکی پارێزگا.	4674 لە 2000/11/23	47
چۆنیەتی دابین کردنی پێداویستیەکانی نیشتەجێ بۆیان.	فەرمانی پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان لە قۆڵەکانی تەئمیم ــ ئاڵتون کوپری ــــ شوان ــــ دبس ــــ لەیلان	1042/20 لە 1997/6/29	48
تەخویل کردنی پارێزگاری کەرکوك بۆ جێبەجێکردن	ئیستملاك کردنی زەوی‌وزار لە کەرکوك،شارەوانیەکان/ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش	بڕیاری 31 لە 1975/1/11	49
لە ناحیەی دبس‌و ئاڵتون کۆپری.	ئیستملاك کردنی زەوی بەناوی وەزارەتی مالیە بۆ هۆکاری مالی‌و کشتوکاڵی	بڕیار 949 لە 1977/8/23	50
	ئیستملاك کردنی زەوی بۆ شارەوانی	بڕیار 480 لە	51

	1979/4/17	کەرکوك	
52	13138 لە 1998/10/5	نیشتەجێ بونی هۆزە عەرەبیەکان لە پارێزگای تەئمیم.	هۆزەکانی نعیمو ئەلبو ناصر.
53	2241 لە 1998/3/14	دابەش کردنی زەوی بەسەر هۆزە عەرەبیەکان لە مەرکەزی شاری کەرکوك	
54	568 لە 2000/3/6	دابەش کردنی زەوی کوردە ڕاگوێزراوەکان بەسەر هۆزە عەرەبیەکاندا.	
55	راپۆرتی سەرکردایەتی لقی کەرکوکی حزبی بەعس	زۆربونی ڕێژەی عەرەب بە ڕێگای ڕاستکردنەوەی نەتەوەونیشتەجێ کردنی عەرەب (بەتایبەت)	ڕاپۆرتی سالآنەی حزب (2001) م
56	داواکاری لە 2000/7/10	بۆ سەرکردایەتی حزب لە کەرکوك، خواستی هۆزی مفەرجی لە نیشتەجێبوون لە حیزام ئەمنی کەرکوك	کەرتی کتکە// ناحیەی ئالتون کۆپری
57	1471/9 لە 1985/10/24	خەڵکی گوندە عەرەبیەکان نایانەوێت چەك هەڵبگرن دژ بە کوردەکان	سەرکردایەتی هۆبەی حزب لە دەربەندیخان
58	س/5936/17 لە 1997/11/4	دابەش کردنی زەویەکشتوکاڵیەکانی کورد بەسەر عەرەبە هاوردەکانی عەشیرەتی زەوبەعی لە ئاڵتون کۆپری	وازۆی پارێزگاری تەئمیم
59	ژمارە 1 لە 1994/9/7	دانانی ئەو زەویانەی دەکەونە (پشتوێنی ئەمنی) بە مولکی دەوڵەت، دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون تێیدا بۆ بۆ عەرەبەکان.	لە ناحیەکانی (ئاڵتون کۆپری- رەبیع، شوان، قرەحسن وتازەخورماتو....)
60	568 لە 2000/3/6	هەڵبژاردنی هۆزە عەربیەکان لەسەر حسابی ڕاگوێزراوە کوردەکان بۆ نیشتەجێبوون لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری و کەرکوك.	
61	بڕیاری (824)لە28/7/ 1976	ئیستملاك کردنی زەویو زار لە ناحیەی داقوق بۆ وەزارتی کشتوکاڵ بە مەبەستی دابەش کردنی بەسەر جوتیارەکاندا.(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش)	داوا لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانوبەرە دەکات ، هەڵاوردن بکات لە هەر شکلیاتێك کە پێویستە.
62	(238) لە 1999/8/18	نووسراو/ دابەش کردنی زەوی بەسەر هۆزی ئەلبوحەمدانو ئەوانەی نەتەوەی	بە مەرجێك لێژنەی کاروباری شیمال ڕەزامەندی بدات لەسەر ئئئئئئئئەوانەی

		خۆیان ڕاست کردۆتەوە(مصححی القومیە)	تەصحیحی نەتەوەیەیان کردوە.
63	(3244)لە 1999/3/11	هەڵوەشاندنەوەی مافی زەوی لە کەرکوك‌و تۆمارکردنی بە ناوی دەوڵەتەوە.	بۆ دابەش کردنی بەسەر هۆزە عەرەبیەکاندا.
64	(85) لە 1999/3/25	داواکاری فەرمانگەی کشتوکاڵ بۆ نیشتەجێبونی دانیشتوانی هەردوو هۆزی ئەلبو حمدان‌و ئال بدیر لە ناحیەی دبس.	بۆ پارێزگاری تەئمیم.
65	بڕیار (4) لە1979/3/31	ئیستملاکی کەرتی زەوی کشتوکاڵی هاولاتی (کوێخا ڕەزا محمد صالح) ئیتفای مافی لەم زەویانە بۆ بەرژەوەندی وەزارەتی دارایی	لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری
66	نووسراوی کشتوکاڵ 1601 لە 1999/2/11	ئاگادارکردنەوەی هۆزە عەرەبیەکان لە دبس بۆ نیشتەجێ بوون و جێبەجێکردنی زەوابتەکان	هۆزەکانی عگلی، لیرات، حمد ئال محمد ....
67	داواکاری کشتوکاڵ 1603 لە 1999/2/11	ڕەفز کردنی داواکاری هاولاتیەکی کورد بۆ گەڕاندنەوەی زەویەکەی لەبەر ئەوەی دابەش کراوە بەسەر هۆزە عەرەبیەکاندا لە ساڵی 1996	
68	نووسراوێك لە قائمقامی قەزای کەرکوکەوە لە 1999/3/18	ئەو عەرەبانە ئاشکرا دەکات کە زەویان بەسەردا دابەش کراوە	هانیان دەدات بۆ نیشتەجێ بوون یان گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێندرێتەوە.
69	نووسراوێك لە قائمقامی قەزای کەرکوکەوە لە 1999/6/15	داواکردنی چەك بۆ ئەوەی بدرێت بە هۆزە عەرەبیەکان.	(ناحیەی لەیلان)
70	بڕیار (573) لە 1978/4/29	ئیستملاك کردنی زەوی لە (تازە) بۆ پارێزگای تەئمیم.	بە بێ بەدەل(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)
71	داواکاری هۆزی ئەلبو مفرج لە 2000/7/10	دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێ بوون بۆیان لە ئاڵتون کۆپری لەبەر زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانیان.	بۆدڵنیابوون لە (پشتوێنەی ئەمنی) بە دەوری کەرکوکدا.
72	نووسراوی کشتوکاڵی کەرکوك 13687لە 1999/10/16	کێشەی دابەش کردنی زەوی بەسەر هۆزە عەرەبیەکان	(ناحیەی دبس)

کەرتی (ویزلی)	دروست کردنی کۆمەڵگە بۆ هۆزە عەرەبەکان لەسەر حسابی زەوی کەسانی دیکە.	نووسراوی کشتوکاڵی کەرکوک 8871فی 1998/8/5	73
	هەڵبژاردنی هۆزی (العزە) بۆ ئەوەی لە ئاڵتون کۆپری گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بدرێت.	نووسراوی کشتوکاڵی کەرکوک 7270 لە 1998/7/2	74
دابەش کردنی بەسەر عەرەبی هاوردەی هۆزی (زەوبەع) دا.	ئیستملاك کردنی زەوی هاولاّتیان لە ناحیەی ئاڵتون کۆپری.	نووسراوی (م) تەئمیم س/5936/17 لە 1997/11/4	75
بۆ وەزارەتی ناوخۆ	ژمارەی خێزانە ڕاگوێزراوە کوردو تورکمانەکانی ساڵی 1998	نووسراوی 216/6/3 لە 1999/2/14	76
مەرکەزەکەی قەزای جەبارەیە.	دامەزراندنی ناحیەی (جەبارە) لە قەزای کفری	مەرسومی کۆماری (403) لە 1969/3/30	77
مەرکەزەکەی گوندی ئامرلیە.	دامەزراندنی ناحیەی (ئامرلی) لە قەزای طوز	مەرسومی کۆماری (439) لە 1969/4/3	78
مەرکەزەکەی گوندی سلێمان بەگە.	دامەزراندنی ناحیەی سلێمان بەگ لە قەزای طوز	مەرسومی کۆماری (440) لە 1969/4/5	79
ئەوانیش ناحیەکانی قەڵخانلۆی گەورە،بچوك، میل ناصر گوڵە کانی،	دابڕینی چەند کەرتێك لە ناحیەی قادر کەرەمو لکاندنیان بە قەزای طوز.	مەرسومی کۆماری(136) لە 1970/2/28	80
مەرکەزەکەی کۆمەڵگەی کەلارە.	دامەزراندنی قەزای کەلارو بەهەردوو ناحیەی شێروانو پێبازەوە.	مەرسومی کۆماری (137) لە 1970/2/28	81
سەربە قەزای مەرکەزی کەرکوکە.	دامەزراندنی ناحیەی (یایچی) مەرکەزەکەی گوندی یایچیە.	مەرسومی کۆماری (384) لە 1972/9/4	82
سەر بە قەزای کفریە.	دامەزراندنی ناحیەی (کوکس) مەرکەزەکەی گوندی کەوکەسە.	مەرسومی کۆماری (461) لە 1972/10/25	83
سەر بە قەزای طوزە.	دامەزراندنی ناحیەی (نەوجۆڵ)و مەرکەزەکەی گوندی نەوجۆڵە.	مەرسومی کۆماری (460) لە	84

		1972/10/25	
سەر بە قەزای مەرکەزی کەرکوکە.	دامەزراندنی ناحیەی (ڕەبیع)و مەرکەزەکەی گوندی قەرە هەنجیرە.	مەرسومی کۆماری (652) لە 1977/11/3	85
	هەڵوەشاندنەوەی بەستنی هەردوو قەزای چەچەماڵو کەلار بە کەرکوکو بەستنیان بە پارێزگای سلێمانیەوەو لێکردنەوەی قەزای کفری و بەستنی بە پارێزگای دیالە.	مەرسومی کۆماری (608) لە 1975/11/6	86
سەر بە قەزای کەلار دەبێت.	دامەزراندنی ناحیەی تیلاکۆ مەرکەزەکەی گوندی تیلاکۆی گەورەیە	مەرسومی کۆماری (606) لە 1975/11/6	87
